# دنیای منداڵان

71

پاشکۆی کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێمۆکراتی کوردستانی ئێران

"کوردستان"، ژمارە: ٤٨٥، (٣١ی بانەمەڕی ١٣٨٧)، (٢٠ی مای ٢٠٠٨)




## بەڕێوەچوونی جێژن و پێشبڕکێ لە 1ی ژوەن دا

دنیای منداڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە چوارچێوەی ڕێزلێنان لە ماف و داخوازییەکانی منداڵان لە سەرتاسەری جیهان و بەتایبەت منداڵانی کورد لە کوردستانی ئێران، بەنیازە وەک ساڵانی ڕابردوو، لە ڕۆژی ١ی ژوەندا بەرامبەر بە ١٢ی جۆزەردانی ئەمساڵ بە هاوکاری کۆمیسیۆنی چاپەمەنیو دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکرات، ڕێوڕەسمێک بە بەشداریی منداڵانی ناوەندەکانی ١و ٢و ٣ی کوردستان بە شێوەیەکی ڕازاوە، بۆ ڕێزگرتن لە ڕۆژی جیهانیی منداڵان لە یەکێک لە کەمپەکانی حیزب بەڕێوە ببات.

هەربۆیە دنیای منداڵان دەستپێشخەری دەکات و ئەم ڕۆژە مەزنە لە هەموو منداڵانی کورد پیرۆز دەکات و هیوادار و ئاواتەخوازی سەرکەوتن و وەدیهاتنی ماف و داخوازییەکانیانە. شایانی باس و ڕێزلێنانە کە دەفتەری سیاسی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەم بۆنەیەوە ماڵێکی گەورەو نوێسازی پێشکەش بە "دنیای منداڵان" کردوە تا منداڵانی حیزب ببن بە خاوەنی خانوویەکی تایبەت بە خۆیان.

## نووسەری "هەری پاتێر":

## جیهان دەبێ سەرنج بداتە منداڵانی سوودانی

نووسەران و ئەکتەرانی "هالیوود" بە یارمەتیی چەندین یاسادانەر، خوازیاری پاڵپشتی لە منداڵانی سوودانی بوون. بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵنێریی "ئاسۆشەیتێدپرێس"، ئەم کارە هاوکات بوو لەگەڵ پێنجەمین ساڵیادی شەڕ و ژینۆساید لە دارفووردا.




خاتوو "جێی کی ڕۆلینگ"، نووسەری زنجیرە کتێبەکانی هەری پاتێر، لەگەڵ نووسەرانی کتێبگەلی منداڵاندا خوازیاری پاڵپشتی لە منداڵانی دارفوور و پێشگرتن لە خوێنڕشتنی زیاتر لەم ناوچەیەدان. لە داواکارییەکەیاندا هاتووە: "کاتی ئەوە گەیشتووە کە گێڕانەوەکە بگۆڕدرێو چیرۆکێکی جیاواز بگوترێتەوە. مانگی مای ئەمساڵ منداڵانێکی زۆر لە دارفووردا پێنجەمین ساڵی لەدایکبوونیان لەنێوان شەڕ و توندوتیژیدا جێژن دەگرن، هەربۆیە جیهان دەبێ لەخەو ڕاچڵەکێو پێش بەم کوشتوبڕە بگرێ تا منداڵان لە جیهانی ئاشتیو دڵۆڤانیدا گەورە بن".

## سەرکەوتنێکی وەرزشیی گەورە بۆ سێ منداڵی کوردستانی ئێران



٣ یاریزانی تیمی تێکواندۆی جێژنیکان لە منداڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی ١٧ی بانەمەڕی ١٣٨٧، لە دوایین تاقیکارییەکانی تایبەت بەم بوارە وەرزشییە کە بە بەشداریی تیپی زەیتوونی کوورییای باشوورو ٨٠ یاریزانی تێکواندۆکار بەڕێوە چوو، توانییان بڕوانامەی "دان ٢"ی نێودەوڵەتی وەربگرن.

بەم بۆنەوە لە ڕێوڕەسمێکی تایبەتدا ئەم سێ یاریزانە، ڤیان قادری لە کێشی ٥٠ کیلۆ، دیلان قادری لە کێشی ٣٨ کیلۆو لەیلا خوربایی لە کێشی ٤٠ کیلۆدا، بڕوانامەی "دان ٢"ی نێودەوڵەتیی تێکواندۆیان لەلایەن مامۆستایانو پسپۆڕانی تیپی زەیتوونی کوورییای باشوور لە بواری تێکواندۆدا، پێدرا.

شایانی باسە تیمی تێکواندۆی جێژنیکان کە سەر بە ناوەندی ٣ی کوردستانە، تا ئێستا ٥ جار لە ئاستی کوردستانی باشوورو چالاکییەکانی تیپی زەیتووندا پلەکانی یەکەمو دووهەمی وەدەست هێناوە. بەم بۆنەیەوە دونیای منداڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزباییان لێ دەکات و ئاواتەخوازی سەرکەوتن و بەدەستهێنانی پلەی بەرزترە بۆیان.

# جین وێبستێر



ڕەنگە ئێوەش چیرۆكی بەناوبانگی "باوكە قاچ درێژەكە" (بابا لنگ دراز)، (Dady Lang Legs)تان خوێندبێتەوە. چیرۆكێك كە لە خۆشەویسترین چیرۆكەكانی منداڵان و مێرمنداڵانی جیهانە. چیرۆكێك كە سادەو ساكارەو هیچ جۆرە تێكچرژاوییەكی تێدا نییەو پڕە لە ڕەوشت و كردەوەی چاك وەك: یارمەتی گەیاندن بە خەڵك، سادە بوون، هەوڵدان بۆ كەمكردنەوەی درزە چینایەتییەكان و... هتد.

نووسەری ئەم چیرۆكە بەناوبانگە، خاتوو "جین وێبستێر"ە. ناوبراو لە ٢٤ی مانگی ژووییەی ساڵی ١٨٧٦ی هەتاوی لە "فێردونیا" لە هەرێمی نیۆیۆركدا لەدایك بووە. "مارك تواین"، نووسەری بەناوبانگ و داهێنەری بەرهەمگەلێك وەك: "هاكێلبریفین"، "شازادەو سواڵكەر"، خاڵۆی جین بوو. هەر بۆیە ناوبراو لە بنەماڵەیەكی ئەدەب دۆست و ڕۆشنبیر پەروەردە بوو. بەهۆی ئەوەیكە زۆر حەزی لە گەشتوگوزار بوو، سەفەرێكی بۆ دەوری دونیا دەست پێكردو توانی زۆربەی وڵاتانی جیهان ببینێ.

ناوبراو چیرۆكی بەچێژی "باوكە قاچ درێژە"كەی لە ساڵی ١٩١٢دا نووسیوە كە لە بەناوبانگترین بەرهەمە ئەدەبییەكانی جیهان لەبواری منداڵان و مێرمنداڵانە. ئەم نووسەرە بەتوانایە چەندین چیرۆكی دیكەشی هەیە كە بەناوبانگترینیان پاش باوكە قادرێژەكە چیرۆكی "كاتێ كە پێتی چوو بۆ زانكۆ"یە. جین وێبستێر دوای ٣٨ ساڵ ژیانی سەربەرزانەو خزمەت بە ئەدەبیاتی منداڵان و مێرمنداڵان لە ڕێكەوتی ١١ی ژوەنی ١٩١٦دا كۆچی دوایی كرد.

# وڵاتی ئیسپانیا

ئیسپانیا وڵاتێكە لە باشووری ڕۆژئاوای ئورووپادا. ناوە فەرمییەكەی پاشایەتی ئیسپانیایەو پێتەختەكەی شاری "مادرید"ە. وڵاتی ئیسپانیا بەشگەلێكی گەورەی نیمچە دوورگەی ئیبێری، دوورگەكانی بالئارێس، دوورگەكانی قەناریو هێندێ لە دوورگەكانی دیكە لە باكووری ئافریقا لەخۆ دەگرێ. وڵاتی ئیسپانیا لە باكوورەوە لەگەڵ فەرانسەو ئاندۆرا، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ پورتەغاڵ، لە باشوورەوە لەگەڵ جەبەلۆلتارق و مەراكەش و هەروەها لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ دەریای مەدیتەرانە سنووری زەوینیو لە ڕۆژئاواو باكووریشەوە لەگەڵ زەریای ئەتڵەس، سنووری ئاویی هاوبەشی هەیە.

كۆنترین دانیشتوانی ئیسپانیا خەڵكانی خۆجێی ئیبێریو باسك بوون. ئایینی خەڵكی ئیسپانیا مەسیحی كاتۆلیكەو ئایینەكانی دیكەش لە ئیسپانیادا هەن. ئیسپانیا ١٧ بەشی خودموختاری هەیە. لەلایەكی دیكەوە وڵاتی ئیسپانیا ٥٠ پارێزگای هەیە. بەم شێوەیە یەك یا چەند پارێزگا بەسەر هەرێمێكی خودموختاردا دابەش كراوە.

زمانی فەرمیی وڵاتی ئیسپانیا، یئسپانیۆلییەو شێوازی حكوومەتەكەشی پاشایەتی بەمەرجە. ڕادەی حەشیمەتی ئەم وڵاتە ٨٢/٥١٥/٩٨٨ كەسە. گەورەترین شاری مادریدە كە حەشیمەتەكەی ٣/١٢٨/٦٠٠ كەسە. جگە لە مادرید، شارەكانی بارسێلۆن و والنسیا لە گرینگترین شارەكانی ئیسپانیا دێنە ئەژمار. دراوی فەرمیی ئەم وڵاتە یورۆیە. ئەم وڵاتە ئەندامی یەكیەتیی ئورووپاو ڕێكخراوی نەتەوەیەكگرتووەكانە.





# بۆ زانیاری



**ئایا دەتانزانی:** زەرافە لاڵەو ناتوانێ هیچ دەنگێك لەخۆی دەربێنێ.

**ئایا دەتانزانی:** مشكی دەشتی ئەوەندە خێرا زگ و ما دەكەن كە لە ١٨ مانگدا ٢ مشك دەتوانن یەك میلیۆن منداڵیان بێ.

**ئایا دەتانزانی:** منداڵ لە زگی دایكیدا دوای حەوتووی حەڤدەیەم دەتوانێ خەو ببینێ.

**ئایا دەتانزانی:** ڕێوێیەكان هەموو شتێك بە خۆڵەمێشی دەبینن.

**ئایا دەتانزانی:** یەكەمین تەمری نامەی جیهان لە ساڵی ١٨٤٠ لە ئینگلستاندا چاپ كراوە.

**ئایا دەتانزانی:** یەكەمین ئۆتومبێل بەدەستی مەزەفەرەدین شای قاجار هێنرایە ئێرانەوە.

**ئایا دەتانزانی:** ڕادەی وزەیەك كە خۆر لە چركەیەكدا بەرهەمی دەهێنێ، بۆ بەرهەمهێنانی كارەبای پێویستیی هەموو وڵاتانی جیهان لە ماوەی یەك میلیۆن ساڵدا بەش دەكات.

**ئایا دەتانزانی:** ڕووبارێك لە وڵاتی كامبۆجدا هەیە كە ٦ مانگ لە باكوورەوە بۆ باشوور و ٦ مانگ لە باشوورەوە بۆ باكوور لە خرۆشدایە.



# قسەی خۆش بۆ پێکەنین

### چاوەڕوانی

پۆلیسێك پرسی: ئازیزەکەم بۆچی دەگریت؟
منداڵەکە: باوکم دەڵێت هەتا هەموو سەیارەکان تێنەپەڕن، نەپەڕییەوە. بەڵام تاکوو ئێستا یەك سەیارەش تێنەپەڕیوە.

### کچی دراوسێ

باوك: بۆچی لە کچی دراوسێکەمان دەدەیت؟
کوڕ: هەتا بزانێت کەسێکی مێهرەبانم.
باوك: چۆن؟
کوڕ: لێی دەدەم، دوایی داوای لێبووردنی لێدەکەم!!!!

### دەمامك

یەکەم: بۆچی کاتێك پزیشك دەچێتە ژووری نەشتەرگەری دەمامك بەکار دێنێ؟
دووهەم: هەتا ئەگەر نەشتەرگەریەکەی سەرکەوتوو نەبوو، کەس نەیناسێتەوە.



### بولبولێك

جارێکیان بولبولێك لەگەڵ موتورسوارێك تەسادوف دەکات و بێهۆش دەبێت. کاتێك دێتەوە سەر هۆش، دەبینێت لەنێو قەفەزدایە. هەردوو دەستی بەسەر خۆیدا دەداو دەڵێت: بەدبەخت بووم، مۆتۆرسوارەکە مرد.

## هیوا و سەگەکەی ـــــ ڕێژگە بەهرامی

هەبوو نەبوو، کەس لە خوا گەورەتر نەبوو. کوڕێك هەبوو ناوی هیوا بوو، هیوا سەگێکی هەبوو کە زۆری خۆش دەویست و لە ماڵێکی خنجیلانەدا ، لەگەڵ داپیرەی دەژیا. سەگەکە بەچکەیەکی هەبوو، ڕۆژێکیان لەگەڵ داپیرەی دەچوون بۆ شوێنێك، هیوا چووە لای سەگەکەی و پێی وت: من و داپیرەم دەچین، تۆ ئاگات لە ماڵەکە بێت. هەتا هیوا هاتەوە سەگەکە مردبوو، هیوا زۆر دڵی ناخۆش بوو بەڵام کاتێك بەچکەی سەگەکەی بینی، دڵی خۆش بوو و گوتی: قەوڵت پێ دەدەم ئەم ڕۆژە بکەمە ڕۆژی لەدایکبوونی تۆ.

سەگەکە وردەوردە گەشەی کرد. ڕۆژێك کە سەگەکە خەوتبوو، هیوا ڕۆیشت کێك و مۆمی کڕی. کاتێك سەگەکەی هەستا لە خەو و کێك و مۆمی دیت زۆر پێ خۆشحاڵ بوو.

## منداڵ و دارە توو ـــــ پووری سارینا

منداڵەکان، دەزانن کە لە وەرزی بەهاردا وردەوردە دارەکان، میوە بەرهەم دێنن! یەك لەو دارانە، دارە توویە کە زۆر بە تام و بەسوودە.

ئێمەش لە ئازادیدا چەندین دارە توومان لە حەوشەکانماندا هەیە، بۆیە هەرکە تووەکانی پێگەیشتن، منداڵان دەکەونە سەر دارەکان و تووەکان لێدەکەنەوە، تەنانەت کە دەچنەوە ماڵ بە دایك و خوشکەکانیان دەڵێن کە تووتان بۆ بێننەوە؟

چەند ڕۆژ لەمەوبەر کە چوومە کۆڵان، دیتم منداڵانی گەڕەك هاتوونە بۆ توو لێکردنەوە، هیندێکیان چووبوونە سەر دارەکەو تووەکانیان دەوەراند، ئەوانی تریش لە خوارەوە کۆیان دەکردەوە، هەرکامیان کە قاپەکەی پڕ دەبوو، بە خۆشحاڵییەوە ڕای دەکرد بۆ ماڵەوە، لەبیری دەکرد کە هاوڕێکەی لەسەر دارەکە ماوەتەوە، هەرکامیان وردە وردە دەرۆیشتنەوە بۆ ماڵەکانی خۆیان. بەڵام ئەوانەی کە چۆبوونە سەر دارەکە نەیاندەزانی چۆن بێنە خوارەوە، بەهەر شێوەیەك بوو، خۆیان هاویشتە سەر زەوی و یەکێکیان زۆر بە خراپی لەسەر دارەکە کەوتە خوارەوە، بەڵام بەرووی خۆی نەهێنا، لەبەر ئەوەی ئەو ژنانەی لە کۆڵان بوون لێ تووڕە بوون.

منداڵە ئازیزەکان، دەزانن کە زۆر لە منداڵان بەم جۆرە کارانە تووشی کارەسات و نەخۆشی بوونەتەوە؟! بۆیە داواتان لێدەکەم ئەگەر دەستتان ناگات بە شتێك، داوا لە گەورەیەك بکەن بۆتان بێنێ، تا تووشی هیچ کارەساتێك نەبن. هیواداریشم لە تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵدا پلەی بەرز بەدەست بێنن.

ساغی و سلامەتیتان و سەرکەوتنتان ئاواتی ئێمەیە




←
١ـ ڕێبەری شەهید و گەورەی نەتەوەی کورد.
٢ـ کێوێکی بەناوبانگی ناوچەی سنە ـ ئامرازی هەڵبژاردن لە ڕێزماندا.
٣ـ ناوی ئایینێکە.
٤ـ مامۆستای پیشە بە زاراوەی سنەیی ـ مامز
٥ـ چێژ نادات.
٦ـ دوای ٢٩ ـ لە ماست دروست دەکرێت.
٧ـ (ناو) بە زمانی فارسی ـ دوای ٩.

↓
١ـ وشەدان بە زمانی عەرەبی.
٢ـ ڕووبارێکی سنووری لە باکووری ئێران ـ دراوی چین.
٣ـ ڕێگا بە زمانی عەرەبی.
٤ـ کورت کراوەی مزەفەر بە زاراوەی کرمانجی ـ مرۆڤ بە فارسی.
٥ـ غەریب.
٦ـ پێتەختی ئۆتریش.
٧ـ وانی بێ نێ ـ باڵندەیەکی ڕاوچی چووکە لە بنەماڵەی هەڵۆ.

| ٧ | ٦ | ٥ | ٤ | ٣ | ٢ | ١ | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | | | | | | ١ |
| | | ● | | | | | ٢ |
| ● | | | | | | | ٣ |
| | | | ● | | | | ٤ |
| | | | | | ● | | ٥ |
| | ● | | | ● | | | ٦ |
| | | ● | | | | ● | ٧ |



# منداڵیی، جیهانی ئاشتیی و دلۆڤانی

بەڕێوەبەران: فاتیح ساڵحی، ڕەئووف خەتیبی
دەستەی نووسەران: تەوار قادری، ئەژین بەهرامی، گوڵجیهان سۆفیزادە، شەوبۆ ساڵحی، دیاکۆ مینایی، شکار درووودگەر

dinyaymindalan@yahoo.com
dinyaymindalanpdki@yahoo .com

## دایك

دایکی شیرینم دایه
خەندەی لێوەکانی تۆ
بۆمن هەموو دونیایه
لایەلایەی جوانی تۆ
خۆشترین سەمفۆنیایه
ماچی دەستەکانی تۆ
وزەی میهرو وەفایه
بۆنی دایکایەتی تۆ
شیفاو نەشو نمایه
ئامێزی گەرم و نەرمت
باخچەی پڕ سەوزەگیایه
پەنجەکانت بالاّمه
پرچی سپیت ئالاّمه
ئەشکت بارانی سۆزه
ناوی تۆ زۆر پیرۆزه
پاشای میهرەبانی تۆ
بەهەشت لەژێر پێت دایه
ئاکۆمحەمەد سابیر ـ سوید

## ZOZAN

Zozanên me bilind in
Tev bi zevî û gund in
Di wan hene avên sar
Jê kêm nabin ber û dar
Raxerên wan gulçîçek
Teyr û tû tê de lek bi lek
Havînan em diçin wan
Tevî koç û pez û gan
Derbas dikin rojên germ
Li ser wê nefela nerm
Dilîzin her direvin
Heyanî koç dadikevin
Dema çiya dibin sar
Payîz dibe em tên xwar
Viyan Qadirî

## مین و مندالْ

من مندالّی تازەم
زۆر هۆگری گەمەم
یاری دەکەم لەسەر شاخ
لە دۆڵو کۆسار و باخ
بەلاّم ناچمە ئەو جێیه
مین و ئەلّغامی لێیه
مین دوژمنی مندالّه
روخساری تفت و تالّه
هێنەری ئەشکەنجەیه
زۆر دژواری گەمەیه
من مندالّی نوێمه
ولاّت هەوارگەو جێمه
ژان بۆ کەسم ناهێنم
هەر هێمنی دەنوێنم
نەفەرت دەکەم لەو مینه
مندالْ جێی ئافەرینه
ناردنی: شەراره سالّحی

## گۆڕی پیره گورگ



لە رۆژگارێکی نزیك، لە یەکێك لە دێهاتەکانی خۆمان کەلەشێرێك هەبوو، هەموو بەیانیان سەر قولّغی مالّی خانەخوێیەکەی خۆی بەجێ دەهێشت و دەچووە سەر بلّندایی کۆشکەلاّنی ناوەندی گوندەکەوەو دەستی دەکرد بە بانگدان.

جووجەلّەکان لە دایکی خۆیان پرسی: دایەگیان بۆچی هەموو بەیانییەك ئەم کەلّەشێرە سەر قولّغی مالّی خاوەنەکەی بەجێ دێلّی‌و لە بەرزایی سەر کۆشکەلاّنی ناوەندی گوند دەست بە بانگدان دەکات؟ دایکەکەش لە ولاّمدا دەلّێ: ئەمەیان چیرۆکێکی زۆر خۆشی هەیە، گوێ بگرن تا بۆتانی بگێڕمەوە:

رۆژێك لە رۆژان گورگێکی پیر فێر ببوو هەموو شەوێك لەتاو برسییەتی یەك دوو مریشکی لە دێیەکەی ئێمە دەڕفاند و دەیخواردن. لە ئەنجامدا خەلّکی دێ هەستیان کرد ئەگەر بێت و چارەسەرێکی بەزمی ئەم پیرەگورگە نەکەن، بێگومان مریشك و کەلەشێری دێیەکە بنبڕ دەکات و ئەوەی پەلەوەرە دەیخوات. ئینجا خەلّکی دێیەکە مەترسیی شتێکی دیکەشیان دەکرد، ئەمیش ئەوە بوو کە ئەم پیرە گورگە لەوانەبوو ئەگەر مریشك و کەلەشێری وەچنگ نەکەوێ، روو لە مندالّە بچووکەکانی گوندەکە بکات و سکی خۆی پێ پڕ بکات. چونکە گورگ هێندە بێئەمەگە کە لەناو برسییەتی‌دا ئەگەر هیچی دەست نەکەوێت، بێچوی خۆی دەخوات. ئیتر خەلّکی دێ، بە درشت و ورد کۆبوونەوەو لەناو خۆیاندا بڕیاریاندا گورگی پیر لەنێو بەرن. وەکوو جاران شەو هێشتا تەواو رانەکشابوو، گورگەکە لە ناوەندی دێ پەیدا بوو. هەر یەکەو بە دارێکی ئەستوور دەوری پیرە گورگیان دا، لە هەموو لایەکەوە تەنەکەی لێدرا، سەگوەڕ دەستی پێکرد، گورگی پیر لە شوێنی خۆی چەقی، داربەدەستەکان نزیك بوونەوە، هێندەیان بەدار لێیدا تاکوو لەجێگای خۆی لەنێویان برد. زەلامەکانیش هەر لەو شوێنەی کە گورگەکە مردبوو، چالێکیان بۆ کەند و ژێر خاکیان کرد.

ئیتر لەم رۆژەوە سەر گۆڕەکەی بووتە شوێنی فرێدانی پاشەرۆکی مەڕ و مالاّت، چەند سالّە هێندە زبلّو پاشەرۆکی فرێدراوەتە سەر تاکوو بووەتە کۆشکەلاّنێکی بەرز و گەورە. بۆیە هەموو بەیانیەك کەلەشێر لەم شوێنە بەرزە بانگ دەدات تاکوو ئەم رووداوە لە بیری خەلّکی دێهات و مندالّەکانیان بمێنێتەوە.

کە گیانلەبەر لەکاتی دەست رۆیشتوویی هەرچەندە ستەمکار و زەبر بەدەست بێت، لە ئاکامدا گۆڕەکەی دەبێتە کۆشکەلاّن.

ئا: زانا سەیفووری

## دارسێوەکە

تەوار قادری

رۆژێك لە رۆژان دارسێوێك هەبوو کە زۆر گەورەو بەخۆ بوو. مندالّێکیش هەبوو کە ناوی هێمن بوو، هەموو رۆژێك هێمن دەڕۆیشت بۆلای ئەم دارسێوەو یاری لەگەلّ دەکرد. هەم مندالّەکە پێی خۆش بوو، هەم دارسێوەکەش خۆشحالّ دەبوو بەوەی کە هێمن یاریی لەگەلّدا بکات، هەرکاتێکیش کە هێمن ماندوو دەبوو، ئەوا لەژێر سێبەری دارسێوەکەدا پشووی دەدا.

ماوەیەك وای لێهات کە ئەو مندالّە هەر نەدەهاتەوە لای دارسێوەکە، بۆیە دارەکە زۆر نارەحەت بوو. دوای ماوەیەکی ئێجگار زۆر، هێمن گەڕایەوە بۆلای دارسێوەکە. دارەکە بە دیتنی هێمن زۆر خۆشحالّ دەبێت، بەلاّم هێمن بە پێچەوانەوە زۆر نارەحەت دەبێت، بۆیە دارەکە لێی دەپرسێت: هێمن... ئەوە بۆچی ماوەیەکە یاریم لەگەلّدا ناکەیت؟! هێمن: بەداخەوە خۆ ئەمبینی ئەوە گەورە بووم و ئیتر عەیبە یاری لەگەلّ دار بکەم، ئێستا ئەبێ من یاریی تەمەنی خۆم بکرم و پارەم نییە. دارەکە وتی: منیش پارەم نییە، بەلاّم ئەتوانی سەرکەوی بەسەرمداو هەموو سێوەکانم بهێنیتە خوارێ‌و بیفرۆشی. هێمن زۆر سوپاسی دارسێوەکەی کرد و سەرکەوت و سێوەکانی هێناو فرۆشتی.

هێمن دیسانیش ماوەیەکی زۆر وون بوو و نەهاتەوە بۆلای دارسێوەکە. دیسانیش گەڕایەوە بۆلای دارسێوەکەو نارەحەت بوو. بەلاّم دارسێوەکە خۆشحالّ بوو بەوەی کە هێمنی دەبینی. دارەکە وتی: ئەوە بۆ یاریم لەگەلّ ناکەیت؟! هێمن وتی: سالّ بە سالّ گەورەتر دەبم و ئێستا من زۆر نارەحەتم، چوونکە دەمەوێت خانوو بۆ پشیلەکانم دروست بکەم بەلاّم دارم نییە.



دارەکە وتی: تۆ دەتوانی لق و چلەکانم ببڕی‌و بیکەی بە خانوو بۆیان، هێمن دیسانەوە زۆر سوپاسی کرد و چوو.

رۆژان تێدەپەڕین و سالاّن دەهاتن، دارەکە بەرەبەرە بەرەو پیربوون دەچوو و هەر لە بیری هێمندا بوو.

هێمن زۆر نارەحەت و بێ‌تاقەت بوو، رۆژێك بڕیاری‌دا بچێت بۆلای دارسێوی هاوڕێی. کاتێك گەیشتە لای دارسێوەکە، دارسێوەکە لە خۆشیان نەیدەزانی چی بکات. دارەکە وتی: بەخێر بێی هاوڕێی ئازیزم، بەلاّم بۆ وا نارەحەتی؟! هێمن وتی: من ئێستا زۆر نارەحەتم و شوێنێکم نییە تا دلّی خۆمی پێ خۆش بکەم. دارسێوەکە وتی: ئێستا من سێوم نەماوە تا پێت بدەم، لقیشم نەماوە تا پێتی ببەخشم، تاکە شتێکم هەیە کە بە تۆی ببەخشم ئەویش خۆشەویستیی خۆمە ئەگەر رازیت پێی. هەربۆیە هێمن زۆر پێی خۆش بوو کە دارەکە ئەو قسەیەی کرد و هەر لای دارەکە مایەوە.

# جەك و لووبیای سیحراوی (١)

ڕۆژگارانێك لە لادێیەکی خۆش و سەرسەوز، جووتیارێکی فەقیر و هەژار دەژیا، جووتیارەکە کوڕێکی هەبوو بەنێو "جەك" کە زۆر تەنبەڵ بوو. ڕۆژێك جووتیارەکە مرد و تەنیا شتێك کە بۆ بنەماڵەکەی بەجێ هێشت مانگایەك بوو کە جەك و دایکی بە شیری ئەو مانگایە ژیانیان دەبردە سەر. جەك هەموو بەیانییەك شیری مانگاکەی دەبرد بۆ شار و دەیفرۆشت. بەڵام بەیانییەك مانگاکە شیری نەدەداو جەك و دایکیشی تەنانەت پارەی کڕینی نانێکیشیان نەبوو.



هەربۆیە بە برسییەتی مانەوە.

دایکی جەك بڕیاری دا کە مانگاکەیان بفرۆشن و بەو پارەیە دان بکڕن و بچێنن. بۆیە بە جەکی وت: کوڕم ئەو مانگایە ببە بۆ شار و بیفرۆشە. جەك مانگاکەی برد بۆ شار کە بیفرۆشێت، لە نیوەی ڕێگادا گەیشت بە پیاوێکی پیر. پیرەپیاوەکە پێی وت: مانگاکەت لە بەرامبەر ئەم لووبیا سیحراوییانەدا دەفرۆشی؟ جەك ئەو پێشنیارەی قەبووڵ نەکرد. بەڵام پیرەپیاوەکە وتی: ئەگەر ئیمشەو ئەو لوبیایانە بچێنی، تا بەیانی ئەوەندە بەرز دەبن کە سەریان دەگاتە ئاسمان. جەك بەو قسەیەی پیرەپیاوەکە ڕازی بوو کە مانگاکەی لەگەڵ لووبیاکان بگۆڕێتەوە. کاتێك جەك گەڕاوە بۆ ماڵ، دایکی زۆر نارەحەت بوو و هاواری کرد:



"تۆ چەندە گەمژەی! ئێمە ئێستا لە برسان دەمرین" ئەمە کارە کردووتەو هەموو لووبیاکانی لە پەنجەرەکەوە فڕێدایە نێو حەوشەکەوە.

شەو ڕۆیشت و بەیانی کاتێك جەك لەخەو هەستاو ڕۆیشتە دەرەوە، چاوی بە لووبیایەکی زۆر گەورە کەوت کە لە نێوەراستی حەوشەکەدا ڕوواوەو سەری لە هەورەکانیش تێپەڕ بووەو گەیشتوەتە ئاسمان. جەك بە دیتنی ئەو لووبیا سەری سووڕ مابوو، بۆیە بڕیاریدا کە لە لووبیاکە وەسەر کەوێ تاکوو بزانێ تا کوێ ڕۆیشتووە. جەك هەر ڕۆیشت و ڕۆیشت تاکوو گەیشت بە هەورەکان، کاتێك چاوی لە خوارەوە کرد، بینیی کە زۆر لە زەوییەوە بەرز بۆتەوە. کاتێك ڕۆیشتە سەر هەورەکان بینیی کە کۆشکێکی بەردینی زۆر گەورە لەنێو تەم و مژدا



دیارە. جەك ڕۆیشت بۆ لای کۆشکەکە. کاتێك گەیشتە بەر دەرگای کۆشکەکە، خاتوونێکی زۆر گەورەی بینی کە لەبەر دەرگای کۆشکەکە وێستابوو. جەك ڕۆیشتە پێش و وتی: ئەگەر دەکرێت کەمێك چێشتم پێبدە، زۆرم برسییە. ژنەکە وتی: وادیارە کوڕێکی زۆر عاقڵی، وەرە ژوورەوە تاکوو خواردنێکت پێبدەم.

بەم شێوەیە جەك ڕۆیشت بۆ نێو چێشتخانەی کۆشکەکەوە لەسەر کورسییەك



دانیشت. دوای کەمێك کۆشکەکە دەستی کرد بە لەرینەوە، **تامپ، تامپ، تامپ!** ژنەکە وتی: خێرا وەرە بۆ ئێرەو جەکی خستە نێو سۆبای ژوورەکەوە. جەك لە درزی دەرگای سۆباکەوە چاوێکی لە دەرەوە کردو چاوی بە دێوێکی زۆر گەورە کەوت. دێوەکە تاکوو گەیشتە نێو چێشتخانەکە هاوری کرد: ئەمە بۆنی چییە دێت؟! ژنەکەی وەڵامی دایەوە: لەوانەیە بۆنی ئەو گۆشتە بێت کە دوێنێ خواردوتە. دێوەکە بڕوای بە ژنەکەی کرد و لە پشتی مێزەکە دانیشت و دەستی کرد بە خواردنی ئەو چێشتەی کە بۆی دروست کرابوو.

# خواردنی هێلکە بۆ منداڵان سوودمەندە



بەپێی راپۆرتی ناوەندی هەواڵنێریی "هێلس نیوز" (هەواڵی تەندروستی)، هێلکە بەهۆی دارابوونی سەرچاوەگەلێکی دەوڵەمەند لە پرۆتۆئین، چەوری، ئاسن، فۆسفۆر، سێلنیۆم و پتاسیۆم، دەبێ لە بەرنامەی خۆراکی منداڵاندا هەبێت. ئەم سەرچاوە خۆراکیانە کە لە سپێینەو زەردێنەی هێلکەدا شاراوەیەو بە کوڵینی هێلکە لەنێو ناچێت، لەسەر گەشەسەندن، پێگەیشتن، تەندروستیو جوانی پێست، قژ و نینۆکەکان کاریگەرەو نەبوونی ئەم مەوادەو کەمبوونیان جەستەی منداڵان تووشی گیروگرفت دەکات. ئەڵبەت لێرەدا دەبێ بگوترێت، پێشنیار دەکرێ هێلکە بە شێوەی کوڵاو بخۆن تا ئەوەیکە لەنێو رۆندا سووری بکەنەوە، چونکوو کاتێك هێلکە لەنێو رۆندا سوور دەکرێتەوە، زۆربەی تایبەتمەندییە خۆراکییەکانی لەنێو دەچێت، بەڵام کاتێك کە بکوڵێت هەر وەك خۆی دەمێنێتەوە.



## خواردنی سەوزی
## تووشبوون بە ئاسم (هەناسەسواری) کەم دەکاتەوە

لێکۆڵەران لە ئیسپانیادا پاش چەندین ساڵ توێژینەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر چوار گرووپی ٥٠ کەسی لە منداڵانی تەمەن ٢ تا ١٢ ساڵ، رایانگەیاندوە کە خواردنی سەوزییەکان وەك: باینجانە رەشە، کەلەرم، کاهوو، تەرەتیزە، ئێسفەناج و...هتد، دەبێتە هۆی ئەوەیکە منداڵان بە نەخۆشی ئاسم یان هەناسەسواری تووش نەبن. هەروەها ئەو منداڵانەی کە لە رۆژدا ٦٠ گرەم ماسی دەخۆن زۆر بەکەمی تووشی ئەو نەخۆشیە دەبن، بۆیە بە منداڵان پێشنیار دەکرێ سەوزیو ماسی زۆر بخۆن، ئەڵبەت لەپێشدا سەوزییەکە بە جوانی بشۆرنەوەو ماسییەکەش ئەگەر بە شێوەی تۆن ماسییە، سەرەتا ٢٠ خولەك لە ئاودا بیکوڵێنن پاشان بیخۆن، تا جگە لە ئاسم بە چەندین نەخۆشیی دیکە دوچار نەبن.

## خواردنی دەغل‌ودان دەبێتە هۆی چوونە سەرەوەی هۆش



بەگوتەی پسپۆرانی بواری خۆراك، منداڵانێك کە لە سوبحانەدا خوراکگەلێك دەخۆن کە دەغل‌ودانی وەك: گەنم، جۆ، گەنمەشامیو... تێکەڵە، هۆشو وردبینییەکی زیاترو چاکتریان لەچاو منداڵانی دیکە هەیە. هەروەها خواردنی ئەو خواردەمەنیانەی کە گەنمو جۆ و گەنمەشامیان تێدایە دەبێتە هۆی ئەوەیکە منداڵ لەکاتی فێربووندا، هەست بە ماندوو بوونو دڵەڕاوکە نەکات. چونکە هەبوونی گەنم و جۆ و گەنمەشامی لە خۆراکدا هەروەك پێشتر گوترا دەبێتە هۆی بەرەوژوور چوونی رادەی هۆش و تەرکیز لە منداڵاندا. هەربۆیە منداڵان جگە لەوەیکە بە شێوەیەکی بەردەوام و هەمیشەیی دەبێت سوبحانە بخۆن، دەبێت هەوڵیش بدەن لە سوبحانەکەیاندا دەغل‌ودانی تێدا بێ تا بین بە خاوەن بەهرەو هۆشێکی زیاتر، تاکوو لە دەرسو کارەکانیاندا سەرکەوتوو بن.

# Başî Çî Ye Û Xirabî Çî Ye?

**Gulcîhan Sofîzade**

Dibêjin rojekê 2 heval bi navê Ehmed û Mihemed bi hev re diçin bo deşteke germ. Di dema geriyan û axavtina wan de, Mihemed qiseyek kir ku Ehmed kerb wî vebû û wî zileyek li Mihemed xist û piştre her du bêdeng bûn, ji nişkî ve Mihemed darek hilgirt û li ser axê nivîsand "nizîktirîn hevalê min zîleyek li min xist".

Ehmed bi vê hindê heyrî ma. Her du heval hindî diçûn zêdetir tînî dibûn, çûn çûn heya gihîştine gomeke avê, wan têr av vexwar û piştre jî xwe li avê dan. Ehmed çû nav avê û piştî demeke kurt derkete der, lê Mihemedê hevalê wî melevanî nedizanîn û her diçû bin avê, ji nişkî ve Ehmed hay ji vê çendê dibe û zû diçe hevalê xwe li nav avê derdixe. Bona vê çendê Mihemed dest xweşiyê ji Ehmed dike û diçe ser berekê û dinivîse "nizîktirîn hevalê min, ez rizgar kirim". Ehmed dîsan pê heyrî ma û ji Mihemed pirsî ku eva çî ye? Dema ku min zîleyek li te xist, tu çûyî û te li ser axê nivîsand, min tu li nav avê rizgar kirî, vêca te li ser berî nivîsan?! Mihemed jî di bersîva wî de got: "Divêt em hemû tiştekî xirab ji bîra xwe bibin, xirabiya ku te li hember min kir û te zîle li min xist, min ji ber vê çendê li ser axê nivîsand ku li dema hatina ba de, bila nivîsa han winda be, lê başiya ku te derheq min encam da û te ez li nav avê rizgar kirim, min ji ber vê çendê li ser berî nivîsand ku ew başiya te tucar jibîr neçe, nabe em qet başiyên hev ji bîr bikin".

## سەیران

ئاریاکۆ ڕەحیمی



ڕۆژێك لە ڕۆژانی تایبەتی کە یەکەم ڕۆژی بەهار واتە (ڕۆژی جەژنی نەورۆز) بوو. دڵنیاو دڵپاك کە دوو هاوڕێی گیانیبەگیانیی یەکتری بوونو هەن، زۆریان پێ خۆش بوو کە لە سەیرانی نەورۆزدا پێکەوە بڕۆنە دەرەوە، بەڵامماڵەوەیان یەکتریان نەدەناسیو هەر ماڵێکیان بە جیا ڕۆیشتن بۆ شوێنێك. دڵنیا لە سەیراندا دەم و چاوی چرچ و مۆن کردبوو و هەرکە برا بچووکەکەی بانگی دەکرد، جوابی نەدەدایەوەو خۆی لێ مۆن دەکردەوەو زۆر بە نارەحەتییەوە وەڵامی دایك و باوکی دەدایەوە.

دایکی هەستی بەو هەڵسوکەوتەی دڵنیا کرد و بانگی دڵنیای کرد و وتی: بۆچی وا دەکەی دڵنیا!! چی بووە؟ دڵنیا وتی: فەرموو، ئەوە چیە؟ من یەك حەفتەیە دەڵێم با بچینە دەرێ لەگەل ماڵی دڵپاك، ئەی بۆچی نەچووین؟ دایکی وتی: دڵنیا... ئێمی ماڵی ئەوان ناناسین. چۆن دەبێت لەگەڵیان بچینە دەرەوە! دواتر دایکی ڕۆیشتەوە ئەوبەریو دەستی کرد بە کارکردن و دواتر کەمێك بیری کردەوەو دڵنیای بانگ کردەوەو وتی: سەیرانێك بۆ منداڵانی لای گەڕەکی خۆمان دانراوە، جا ئەوجارە وەرە لەگەڵ براکەت بە جوانی قسە بکەو پێبکەنە.

دڵنیا: نەخێر بە قەستی وا دەڵێی، بۆ ئەوەی کە هەر پێبکەنم، جا پێکەنین چیە؟

دایکی: ئەیەڕۆۆ، ئەوە چ جۆرە قسەکردنێکە!! لەکوێ فێر بووی؟

دڵنیا: دە ئاخر...!

دایکی: جارێکی دیکە ئەو جۆرە قسانە نەکەیەوە.

دڵنیا: باشە دایەگیان.

ئەو ڕۆژەش بە خۆشی بەڕێوە چوو بۆ دڵنیا، قەیناکا، هەرکە ڕۆیشتەوە، دڵنیا ڕۆیشت بۆ لای دڵپاك و وتی: دەزانی چ شتێکی گرینگم پێیە؟

دڵپاك: با پێشتر من پێت بڵێم، ئی من هەر زۆر خۆشە. دڵنیاو دڵپاك کردیانە بەزم. هەرکامیان دەیانگوت، ئەمن دەڵێم و قسەکانیان تێکەڵ ببوون. دڵنیا ڕازی بوو و وتی قەیناکا دڵپاك تۆ بڵێ. دڵپاك وتی: سەیرانێك بۆ منداڵان دانراوە. دڵنیا وتی: منیش هەر ئەوەم دەوت. بەڵام نازانم کەنگێیەو لەکوێیە؟ با بڕۆم لە دایکم بپرسم.

دڵپاك: با بڕۆین.

دڵنیاو دڵپاك ڕۆیشتن و دڵنیا چووە ژوورەوەو لەدایکی پرسی دایە ئەرێ چ بوو خەبەرە خۆشەکە لە کوێیە؟

دایکی: لەو نزیکانەیە. ئەمن و چەند کەسێکی دیکە دامانناوە لەم ڕۆژانەدا دەبێت.

دڵنیا: ئەی دایەگیان بەراستی خۆشم دەوێی، زۆرم پێخۆشە ئەتۆ دایکی منی.

دایکی: بۆ جاران پێت خۆش نەبوو؟

دڵنیا: نا....

دایکی: باشە، ئێستا بڕۆ دەرێ لای دڵپاك، با تەنیا نەبێ.

کەواتە منداڵە ئازیزەکان، هەرگیز لەبەر شتێکی بچووك کە بەدڵمان نەبێت، نابێ لەگەڵ دایكو باوك و خۆشك و براکانمان و تەنانەت دەوروبەریشمان بە خراپی هەڵسوکەوت بکەین.

## هاوڕێیەتی

ڤیان قادری

لە دارستانێکی چووکەدا، بەچکە کەروێشکێك بە شوێن گێزەر و گیا دەگەڕیا تا بیخوات، بەڵام لەناکاو لەگەڵ بەچکە ڕێوییەکدا بەرەوڕوو بوو. بەچکە کەروێشکەکە زۆر ترسا، بە پێچەوانە بەچکە ڕێوییەکە زۆر خۆشحاڵ بوو، چوونکە کەس نەبوو یاریی لەگەڵدا بکاتو دایکیشی پارەی نەدەدایە بڕوات بووکە شووشەیەك بکڕێت و لەگەڵی یاری بکات. نەشیدەوێرا سواری پاسکێلەکەی بێت، لەبەر ئەوەی جارێکیان کاتێ سواری پاسکیل ببوو، خۆی دابوو بە ئوتوموبیلی پاسەوانی دارستانەکەو شەش حەوت ڕۆژ لە جیگادا کەوتبوو. بەڵام کاتێك چاوی بە بەچکە کەروێشکەکە کەوت لە دڵی خۆیدا گوتی: ئەم بەچکە کەروێشکە دەکەم بە هاوڕێی خۆم و کاتێك باوك و دایکم جێم دەهێڵن لەگەڵیدا یاری دەکەم. یاری چاوشارۆکێو هەلووربەلوور و تۆپان. ئینجا بانگی بەچکە کەروێشکەکەی کرد و پێی گوت: وەرە با پێکەوە یاری بکەین. منیش وەك تۆ تەنیام و کەس نیە لەگەڵیدا یاری بکەم. بەڵام بەچکە کەروێشکەکە هەڵات و لە دوورەوە گوتی: تۆ بەچەکە ڕێوییت. ڕێوی فێڵەبازە یاری نازانێت. پارێکە ئەم وەختانە دایکی تۆ، دایکی منی خوارد و باوکم بە هەتیوی من و خوشك و براکانمی بەخێو کرد. من هاوڕێیەتی تۆ ناکەم. تۆش گەورە بی من دەخۆی، وەك چۆن دایکت دایکمی خوارد. کاتێ کە منداڵ بووم دایکم دەیگوت: ڕۆڵەگیان پێشینیانمان گوتوویانە، ڕێوی فێڵەبازەو بۆ یاری نابێ.



## کەڵەباب

شەوبۆ ساڵحی

کابرایەك کوڕ و کچێکی خەوگرانی هەبوو، هەموو ڕۆژێك تا نیوەڕووان لەخەو رانەدەبوون. لەش سست و تەن تەپیو مابوونەوە، ڕۆژێکیان باوکەکە دەچێتە ناو دارستانەکەی نزیك گوندەکەیان بۆ ڕاوکردن و هێنانەوەی نێچیرێك بۆ منداڵەکانی لەو کاتەدا کەڵەبابێکی نووستووی کەوتە بەرچاو و زۆر بە ئاسانی دەستگیری کرد و بە دڵێکی خۆشەوە گەڕایەوە. لە ڕێگادا دەیگوت: ئەمڕۆ خواردنێکی خۆشمان دەبێت، ئەویش گۆشتی برژاوی ئەم کەڵەبابەیە.

کاتێك کەڵەباب گوێی لەو قسانە بوو، بە کابرای گوت: سەرم مەبڕە، چیدی منیش دەرنگ لەخەو هەڵناستم و هەموو بەیانییەکیش زوو زوو بانگ دەدەم و منداڵەکانیشت بۆ بەئاگا دێنم تاکوو لە خەوگرانیو تەمبەڵیو سستی رزگاریان بێت.

ئیدی لەم ڕۆژەوە کەڵەباب بەیانیان زوو دەقووقێنێو خەڵك بەئاگا دێنێو منداڵەکانی زوو لەخەو هەڵدەستن.

# Dinyay Mindalan 71







سیڤەر سامان


سانا سامان


ئافا، محەممەد، ئالاّ تاجەدین


ژیار محەممەدپەناهی


راز هیجری



دیلمان، ژیلوان کامەران


دینا حەجەری


سنوور ستەمدیدە


میلاد و ئەشکان بەدری


هەستیار قەیسەری


ژاڵە ئیکجوویان


سینا مینبەری


شووشە گردەکۆ


فەرانەك مینبەری


ئالان عەلیمورادی


گێژان هێمەتی


ڕێبین بۆکانی


ئەڤین عەلیمورادی


ناڤان عەلیمورادی


ئیمان و عامر جەلیل

**بەبۆنەی 12ی جۆزەردان، ڕۆژی جیهانیی منداڵان پیرۆزبایی لە هەموو منداڵانی کوردستان دەکەین**

دنیای منداڵانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران